Digitally signed by Kurdistan Net
DN: CN = Kurdistan Net, C = NL, O = Omar Faris Aziz, OU = www.kurdistannet.org
Date: 2004.01.27 22:26:57 +01'00'

# ژياننامە

تیژتێپەڕترین و خۆشترین کاتی ژیانم کاتی منداڵیم بوو کە بە داخەوە ئەوەندە زوو ڕۆیشت کە ئەتوانم بڵێم هیچم لێ حاڵی نەبوو، بەڵام بیرەوەریەکانیشی هەر خۆشە.

منداڵێکی زۆر خەیاڵاتی و ڕێبەر بووم. منداڵانی خزم و کەس و دراوسێمان بە چیرۆکە خەیاڵییەکانم و ئەو پەیکەرانەی کە لە قوڕە سوورە سازم دەکرد و دەمکردن بە ئەکتەری شانۆی چیرۆکەکانم، وەها هێمن دەبوونەوە کە بە ئاسمانی خەیاڵدا هەڵدەفڕین. بە چەند بووکی بچووك و چەند لێگۆ داستانێکی خۆشم دروست دەکرد و چیرۆکەکانیشم بەردەوام عاشقی تێدا بوو. وەك بڵێی هەر لە منداڵییەوە عاشق بووم. هەر چەند قەت ئەو عەشقە ڕاستەقینەم لە ژیانمدا نەدۆزیەوە.

دایکم توانای وێنەکێشان و نووسینی بوو. بەڵام بەو هەموو هەستەیەوە یەکێکە لەو ژنە کوردانەی کە کراوە بە فیدای باوکسالاری و براسالاری. دایکم بە هۆی دەرس خوێندنی خاڵم دەکرێ بە بناوانی خاڵم لە سەقز و لە درێژە دان بە خوێندنەکەی خۆی بێ بەش دەکرێ.

تا پۆلی پێنجی سەرەتایی ئەو کاتەی خوێندووە و ئێستاش بە خوێندنەوە و نووسینی دوو زمانی کوردی و فارسی شارەزایە و قورئانیشی لەبەرە. دایکم دەڵێ ئەو کاتەی سکی بە من بووە، چیرۆکی ژنێکی خوێندۆتەوە کە دووگیان بووە و حەزی کردووە ئەگەر کچی بێ ناوی بنێ ڕوئیا و ئەگەر کوڕی بێ ناوی بنێ ئومید. ژنی ئەو چیرۆکە دەمرێ و منداڵەکەی نابینێ. ئەم چیرۆکە لە دڵی دایکم ئەسەر دەکات و بڕیار دەدات ئەگەر من کچ بم ناوم ڕوئیا بێ و ناویشم دەنێ «ڕوئیا». پێشمەرگەیەکی دێرین لە دۆستانی باوکیشم ناوی منی ناوە «تریفە». بۆیە من هەمیشە ناوی تریفەم پێ خۆشە.

باوکم لیسانسی یاسایە (حقوق قضايي) کە لە زانکۆی تاران خوێندوویەتی. دەورانی خوێندکاری باوکم لە زانکۆی تاران خۆشترین دەورانی ژیانی منداڵیمە و غەیری ئەوەی نەبێ کە چەند جار کە باوکم لە بزووتنەوەی خوێندکاری ئەو کاتە چالاك بوو و ساواك گرتی، من بەردەوام لە پشت دەرگای ماڵەکەمان لە تاران دەگریام و چاوەڕوانی هاتنەوەی باوکم بووم. هێشتاش ئەو کاتەم لە بیرە کە دوای چەند سەعات چاوەڕوانی لە بەر هەتاودا دایکم توانی باوکم لە زیندانێك بدۆزێتەوە و من و خوشکەکەمی بردە بەر ماشینی ڕەییس زیندان و پاڕایەوە کە ئیجازە بدات باوکم ببینین. باوکم زۆری لێدرا بوو، زۆر ئاڵۆز بوو. شوکر دوای چەند ڕۆژ ئازاد کرا. بەڵام ساواك باوکمی ڕەت کردەوە و نەیهێشت ببێتە قازی و ناچار باوکم بەو بڕوانامەیەش کە بووی بوو بە مامۆستای دەبیرستان و ئێمە گەڕاینەوە شاری بانە.

ئەوەیشم بە روونی لە بیرە کە رۆژێك باوکم منی بردە زانکۆی تاران و ئەوێی نیشان دام. لە قاتی سێیەمی دانشکەدەی پزیشکی پێی وتم: روئیا چکۆلەکەم حەز ئەکەم رۆژێك لە دانشگا دەرس بخوێنی و ببیت بە دوکتۆر.

دایك و باوکم بە تایبەت باوکم لە ژیانی مندا رۆڵێکی زۆر گرنگیان بووە. باوکم نەك تەنیا باوك، بەڵکو باشترین دۆست و راوێژکاری ژیانم بووە. قەت منی وەك کچێك کە دەبێ کەمتر لە کوڕ بێ سەیر نەکرد. ئەوەی بۆ براکانمی دەکرد بۆ منیشی دەکرد. لەو کاتەدا هیچ کوڕێك لە بانە دووچەرخەی نەبوو، منی کچ بە دووچەرخەکەم لەگەڵ دوو کوڕی سنەیی کە دووچەرخەیان بوو کێبەرکێم دەکرد و بەردەوام لەوانم دەبردەوە. من وا بار هاتبووم کە وەك مرۆڤێك باوەڕم بە خۆم بێت و خۆم بە کەمتر لە کوڕان نەزانم. (هەڵبەت دوایی کۆمەڵگا زۆر بە تاڵی لێی حاڵی کردم کە لە نەریتە جیهانە سێیەمییەکان کچ و کوڕ جیاوازن، هەر چەند من تا ئیمڕۆش هەر تەسلیم نەبووم)

باوکم لەگەڵ خۆی دەیبردم بۆ باخ و رەز و کێو. ئازا بووم و بە شاخە بەرزەکاندا هەڵدەگەڕام. لە نێو بەردە گەورەکانی رەزەکەمان لە پێدەشتی کێوی ئاربەبای بانە کەوێڵێکی بەردینە بوو کە تەنیا یەك کەسی تێدا جی دەبۆوە. هەرچی دەگەیشتمە ئەوێ لە پەنجەرەکەیەوە خۆرئاوام لە پشت سڵمان بەگی بانە سەیر دەکرد و هەستم دەکرد شازادەیەکی کوردم.

من و باوکم عاشقی دەنگی ئاو لە نێو رووبار و جۆگەلەکاندا بووین کە بە تایبەت لە دواییەکانی مانگی رەشەمێ کە زستان روو لە تەواو بوون بوو، ئەو رووبارانە لە توانەوەی بەفرەکان پێك دەهاتن. عاشقی دەنگی قرپۆکەکان بووین لە ئێوارانی گۆمەکاندا. عاشقی بۆنی باران کە لە کاگڵ و خاکی دەدا و عاشقی ئەو پونگەیە بووین کە لە لای کانی سەوز دەبوون و بە هێلکە و رۆنەکەرەوە دەمانخواردن و... هتد.

باوکی عەزیزم هەر چەشنە توانایییەکی لە مندا بەدی کردایە زوو ئامراز و پێویستەکانی بۆ فەراهەم دەکرد. بۆ نموونە لە وێنەکێشان و پەیکەرسازی و یارمەتی بۆ نووسین. لە کاتی دەرس خوێندن بەردەوام خوێندکاری پلەی یەکەمی پۆل بووم و دەرسم زۆر باش بوو.

بیرەوەرییەك کە قەد لە بیرم ناچێ ئەوەیە کە بۆ خەڵاتی باش دەرس خوێندن، گروپێك لە خوێندکارەکانی بانەیان بردە شاری سەرسەوزی رامسەر. ئەو کاتە هێشتا دەورەی شا بوو. هەموو خۆشیان لێ گوزەرا. بەڵام من لەو هەموو خۆشی و شادیەدا شتێك زۆر ئازاری دەدام و لە خوام بوو زوو بگەڕێینەوە کوردستان. ئەوەش نیگای تاڵ و پڕ لە کەمبینی خوێندکارە فارسەکان لە سەر کوردەکان بوو. وەك بڵێی ئەو کوردستانە کە لە سەر کراسەکان نووسرا بوو مانای کۆیلە بێت. ئێستاش کە دایکی دوو منداڵم بە بیرکردنەوەی ئەو نیگایە لە سەر کورد ناڕەحەتم.

بە داخەوە کاتی منداڵیم تەواو نەبوو کە راپەڕینی ئێران و شەڕ و کێشەکانی هاتە گۆڕێ. لە رۆژی ۲۲ی رێبەندان کە راپەڕینی ئێران سەرکەوت خەڵکی بانە لە مەیدانی شار هەڵدەپەڕین. تەنیا

کەسێ کە زۆر خەمبار بوو دایەگەورەم بوو. بە خەمێکی قووڵ کە لە چاوەکانیدا دەبیندرا وتی: هەڵپەڕن، جارێ نازانن چیتان بە سەر دێ. دایەگەورەم لە کاتی شەڕی ئێران و عێراق بە ئاوارەیی لە دێهاتێك لە ئەسەری سەکتە کۆچی دوایی کرد.

تەواوی کاتی لاویی من بە شەڕ و هەلات هەلات و کێشەکانی دوای شەڕ گوزەرا. لە جەوانی هیچم لێ حاڵی نەبوو. بە داخەوە فریای عەشقیش نەکەوتم. جەوانیم بە راستی سووتا.

لە ساڵەکانی ١٣٥٧-١٣٥٩ی هەتاوی کە شەڕی ناوخۆی ئێران و کوردەکان بوو ئاوارەی دێهاتەکان بووین. زۆر زوو لەگەڵ تەقەمەنی و چەك و ئاگر و گوللە ئاشنا بووین. چەندین جار مەرگمان بە چاوی خۆمان دی. کە شارەکان کەوتەوە دەست سیستەم، لە بیرمە یەك ساڵ خوێندنەکەیان لە بانە بۆ حیساب نەکردین و وتیان بۆ ئەوەی لە کاتی پێشمەرگەدا ئەو پۆلە خوێندراوە، دەبێ دیسان سەر لە نوێ بخوێندرێتەوە. پاڕانەوەش ئەسەری نەبوو و هەمووممانیان رەت کردەوە. بەڕاستی نازانم لە تاڵی ئەو کاتانە چی وەگێڕم. دەرس خوێندن لە ژێر سێبەری کولتوورێکی ئایینی تیژ کە دایم بە شك و گومان سەیرت دەکات و دەیەوێت مێشکت لە جیاتی علووم و هەندەسە و حیساب و ئەدەبیات، پڕ کات لە مەسەلە و ئەحکامی مەزهەبی، دیارە ئاسان نییە. ئەویش لە کاتێکدا کە منداڵێك دەیەوێت تازە گەورە بێت و خۆی وەدۆزێ. بە هەر حاڵ هەوڵەکانی خاهەرزەینەبی ئوموری پەروەرشی لە سەر مێشکی بڕێك ئەسەری کرد و ئەوانەش بە بێ هیچ زەحمەتێك بۆ دەرس خوێندن لە ئەزموونی تەربیەت موعەلیم قبووڵ کران و ئیمڕۆکە...

مێشکی منیان بۆ نەشۆردرا، هەر بۆیەش من کە شاگرد یەکەم بووم بۆ تەربیەت موعەلیم قبووڵ نەکرام! لە دانشگاش تەئیید نەکرام و بە مەرجی (تعهد) ئیمزای بەڵگەیەك کە من لە کاتی خوێندکاریدا هیچ چەشنە هەڵس و کەوتی سیاسی کۆمەڵایەتی ناکەم و تەنیا خەریکی دەرس خوێندن دەبم، لە زانکۆ قبووڵ کرام.

کاتی دیپلۆم گرتنم کەوتە گەرماگەرمی شەڕی ئێران و عێراق. زۆر لە هاوکلاسەکانم کوژران. خوێندنگەکان داخرابوون و ئێمە ئاوارەی دێهاتەکان بووین. حەڤدە کەس لە ژوورێکی سێ لە چواردا لە دێهاتێك دەژیاین و لە ترسی بۆردومانی کیمیایی زاڵەترەك ببووین. جوان لە بیرمە لە حەوشی ئەو ماڵە دێهاتییە کە دەرسم دەخوێند، گشتیان گاڵتەیان پێ دەکردم. بۆ کچێکی وەك من ژیان لەو هەل و مەرجەدا یان کوژران بوو یان پڕووکان. بەلام من خۆمم بە لاپەڕەکانی کتێبە دەرسییەکانمەوە و هیوای داهاتوویەکی بێ شەڕ سەرگەرم دەکرد.

مانگێك پێش لە ئەزموونی دیپلۆم، ئەوەی قوتابییە کۆیان کردینەوە و بردیانین بۆ شاری سنە و لە هۆڵێکدا دوور لە بنەماڵە و لە ژێر چاودێری خاهەرزەینەبێك رایانگرتین. خاهەر رەکەت بە رەکەت نوێژەکانمانی دەبژارد و بەردەوامیش چارشێوە رەشەکەی بە حەوت ئاو دەشۆرد بۆ ئەوەی ئێمەی سوننی بەڕای ئەو گلاو بووین. من هەر لە داخا نوێژم نەدەکرد. ئاخریشی بۆ زانکۆ بە مەرج

قبوولْ بووم. دەورانی خوێندکاریشم لە زانکۆ لەگەڵ ئەو خوێندکاریە و زانکۆیەی باوکم جیاوازی زۆر بوو. ئەو کاتە کۆمیتەی چاودێری زانکۆ وەك شوان دایم گۆچانێکی پێ بوو، گۆچانی دەرکردن لە زانکۆ. ئەبوایە ئاگامان لە خۆمان بوایە کە بێدەنگی بێدەنگ بین تا دەر نەکرێین. لە سەرەتاوە لە خابگا، کچە فارسەکان لێم دەترسان و دەیانوت کورد سەر دەبڕن! بەڵام وردە وردە بوونە رەفیقم و زانیان ئەو بۆچوونە هەڵەیە و کورد سەرنابڕێ. من توانیم دوکتۆرای علوومی ئازمایشگایی وەرگرم و ئاواتەکەی باوکم بەدی بێنم.

ئەو کاتەی کە مزگێنی دەرچوونم بۆ دەورەی دوکتۆراکەم دا بە باوکم، لە بیرمە کە برا بچکۆلەکەم لە خەستەخانە بوو، بۆ ئەوەی لەو دێهاتەی کە هێشتا بنەماڵەی باوکم لەوێ ئاواوە بوون، چاوێکی براکەمیان بە بەرد کوێرکردبوو و باوکم هەرچەند زۆر خەمبار بوو، بەڵام کە زانی من بۆ دوکتۆرا قبوولْ بووم دەستی کرد بە پێکەنین.

یەکێك لە کوڕە هاوکەلاسییەکانم زۆر دڵی بە منەوە بوو، نامەیەکی جوانی بۆم نووسی. من نامەکەم برد و لەگەڵ باوکم پێکەوە خوێندمانەوە. باوکم وتی لەوە دەچێ مرۆڤێکی باش بێ. جارێ رەتی مەکە زیاتر بیناسە. لە ئاکامدا من بە بێ هیچ عەشقێك، بەڵام بە عەقڵ پەیمانی هاوسەرێتیم لەگەڵی بەست، بەو مەرجەی کە دەبێ هەردووکمان لە کوردستان خزمەت بکەین، بۆ ئەوەی من کچە کوردم و بۆ کورد دەرس دەخوێنم. ئەو کاتە شەڕی ئێران و عێراق تەواو ببوو.

بە داخەوە لەو کاتەدا کە دوو گیان بووم، برا گەورەکەم لە تەمەنی ٢١ساڵیدا لە سەر سنووری ئێران بە دەست پاسدارێکی تورك گوللەباران کرا و کوژرا. ئەمە زۆر زەربەیەکی سەخت بوو. قەد ئەو رۆژە رەشانەم لە بیر ناچێ کە بە دووگیانی و گریان لەوسەری ئێرانەوە هاتمەوە کوردستان. تەنانەت فریای بینینی مەیتی برا جوانەمەرگەکەشم نەکەوتم، تا من گەیشتمەوە، ناشتبوویان. باوکم زۆر شوێن دادگایی کردنی ئەو پاسدارە کەوت، بەڵام لە ئاکامدا وتیان براکەم لە دەرگیری دژ بە سوپای پاسداران بەشدار بووە و تەقەی لێ کردوون و لە هێڵی سوور تێپەڕ بووە و ئەو پاسدارەش وەزیفەی بووە بیکوژێ. پاسدارەکە لە لایەن دادگای نیزامییەوە بێ گوناه ناسرا و لەوانە بوو خۆشمان تاوانبار بکرێین. ئێمە خۆمان باش دەزانین ئەو برایەمان هیچ تاوانێکی نەبوو و بێ گوناه بە دەست ئەو پاسدارە کوژرا. دوای کوژرانی براکەم، باوکم کە بۆ ئەزموونی دەفتەرخانەی رەسمی لە بانە قبوولْ ببوو، لە لایەن سیستەمەوە تەئیید نەکرا و رێیان لە کارەکەی باوکیشم گرت. (داخەکانمان دانە و دووان نییە)

کوژرانی براکەم بەڕاستی پشتی دایك و باوکمی چەماندەوە. بە هەر حاڵ من دوای تەواو بوونی دەرسەکەم ماوەیەك لە سنە لە زانکۆ وەك مامۆستا دەرسم دەدا بە خوێندکاران. جا وەك یەکەم دوکتۆری ئازمایشگا گەڕامەوە شارەکەم بانە و یەکەم ئازمایشگای ئەهلیم (خصوصی) دانا کە پێشوازییەکی زۆری لە لایان خەڵکی میهرەبانی بانەوە لێکرا. بەڕاستی خەڵکم خۆش ویست و

خزمەتیانــم کــرد و خــەڵکیش زۆر بــۆ مــن بــاش بــوون. ئەوەنــدەی کــە سەرنــجی برێــك شــوێن ڕاکێشــرا سەر من و لەو بارودۆخە کەوتنە مەترسی و دەستیان کرد بە ئازاردان و زەخت خستنە سەر من.

بەرپرســی دانشــگای علــووم پزشــکی لــە ســنەوە هاتــە بانــە و ویســتی مــن بکاتــە بەرپرســی خەستەخانەی بانە. بەڵام دیسان منیان لەو شوێنەوە وەك باوکم تەئیید نەکرد.

دیسان بــە هــاتنی ئوســتانداری (پارێزگــار) نــوێی ریفۆرمــخواز، ئاغــەی ڕەمــەزانزادە بــۆ کوردســتان و پێویستی ئوستانداری بە ژنێکــی چــالاك بــۆ ئــەوەی پۆســتی راوێــژکاری ژنــان لــەوێ بگرێتــە ئەســتۆ، مــن هەڵبــژێردرام. دیســانەوە تەئییــد نــەکرام و رەتیــان کردمــەوە. برێــك لــە دۆســتانی ریفۆرمــخواز هانیــان دام بۆ ئەوەی کە ببم بە یەکــەم نوێنــەری ژنــی کــورد لــە پەرلەمانــدا. هەڵبــەت ئەگــەر ئــەو مەودایــەم پــێ بدرایە پڕۆگرامی چاکم لەو کورسیەوە بۆ نەتەوەکەم دەبوو.

بۆ ئەوەی کە بزانیــن ئایــا بــۆ ئــەم مەبەســتەش رەت دەکــرێم یــان تەئیــد، دۆســتان وتیــان وەك ئاغــەی جــەلالیزادە یەکــەم جــار بــۆ شــۆرای شــار خــۆم کاندیــدا کــەم. دیســان بــۆ شــۆرای شــاریش رەت کــرام و تەئیدیان نەکردم. لە بیرمە ئەو ئاغەی کە رەتی کردمەوە تەنانەت نەیدەزانی ناوەکەشم بنووسێ!

بــە هەوڵــەکانی بــەڕێز «مامــە قالــەی بــەهرامی» دوو رۆژ مــابوو بــۆ هەڵبــژاردن تەئییــد کــرام بــەڵام فریــای ریکــلام نەکەوتــم. بــەو حاڵــە هــەر خــەڵك دەنگیــان پــێ دام. لــە شــۆرا تــەنیا یــەك کــارم کــرد، ئەوەش کە هــەر چــەند ٦ نەفــەر پیاوەکــەی ئەنــدامی شــۆرای بانــەیان لــە یــەك کردبــوو بــە دوژمــن، مــن تــوانیم کۆیــان وەکــەم و شــارەداری ئــەو کاتــە بگــۆڕین. (هــەر چــەند زۆر راســەپێردرا لــە لایــەن شوێنگەلێکەوە کە کەس نەگۆڕین)

هەر لەو هەلومەرجەدا مێردەکەم ئازمایشــگایەکی لــە شــاری ســنە کــڕی و چــوو بــۆ ســنە. منــیش بــۆ راگرتنی ژیانی هاوبەشم لە شۆرا هاتــمە دەر و چووم بۆ شاری سنە.

لــە کــاتی هەڵبــژاردنی نوێنــەری پەرلــەمانی شەشــەم لــە ســەقز و بانــەوە مــن یەکــەم جــار کاندیــد نەبووم، بــۆ ئــەوەی تــازە کوڕەکــەم لــە دایــك ببــوو. بــەڕێز کــاك خالیــدی تــەوەکولی بــە دەنگێکــی زۆرەوە هەڵبژێردرا. بــە داخــەوە مــافی پێشــێل کــرا و لیژنــەی چاودێری یاســای بنــەڕەتی ئێــران (شــۆرای نگابــان) هەڵبژاردنەکەی بەتاڵ کــرد. هەڵبژاردنەکــە دووپــات کرایــەوە. مــن و کــاك خالیــد و چــەند کەســی تــر (١٤ کەس) خۆمان کاندیــد کــرد. کاندیــدی ژن تــەنیا مــن بــووم، بــەڵام رەت کرامــەوە. رەت کرانــەوەی مــن بــە هــۆی خــاڵی یەکــەمی بڕیــاری ٢٨ و خــاڵی ســێیەمی بڕیــاری ٣٠ یاســای هەڵبژاردنــەکانی ئێــران بــوو کــە دەبێتــە باوەڕمەنــد نــەبوون بــە ئیســلام و کۆمــاری ئیســلامی ئێــران و ئەندامــەتی یــان لایــەنگری حیزبــە غەیرە قانوونییــەکان. بەڵگــەی ئــەم رەت بوونــەوە لێــرەدا هەیــە. مــن زۆر شــوێنی کەوتــم و لــە ئاکامــدا پێیان وتــم: خانــم خۆت ماندوو مەکە، فیکری تۆ خەتەرناکە. رێگات نادەین بۆ پەرلەمان.

دوای رەت بوونــەوەم لــە لایــەن لیژنــەی چــاودێری یاســای بنــەڕەتی کۆمــاری ئیســلامی ئێــران لــە کارەکەشــم دڵســارد بوومــەوە. بــە تایبــەت کــە رۆژێــك مــودیری بیمارســتان کــە زۆر بڕوانامــەی لــە مــن

نزمتــر بوو، به فەخرێکەوە بــە مــنی وت: خانــم دوکتــۆر ئەگــەر تــۆ لــە لایــەن دەســەڵاتەوە رەت کــراوی، مــن شــانازیم ئەوەیــە هاوســەنگەری پاســداری شــەهید «ب» بــووم و ئێســتاش دەبــینی رەییســی کەســانێ وەك تۆم.

مــن لــەو رۆژەوە کــارم بەجێهێشــت و نەچــوومەوە بیمارســتان و تــا ئێســتاش هــەر ئازمایشــگاکەی خۆمم هەیە و کار بۆ دەوڵەت ناکەم.

هــان دان و هــاتنم بــۆ نێــو کێبــەرکێی سیاســی وەك ژنێکــی چــالاك ئــازار و تۆمــەتی زۆری بــە دواوە بــوو. نــەیاران زۆر ئازاریــان دام، بــەڵام خــاڵێکی زۆر گەورەیشــی لــە ژیانـــمدا بــوو. مــن لــەو کاتــەدا بــە خوێندنەوەی کتێبی ژێنۆســایدی میللــەتی کــورد لــە نووســینەکانی بــەڕێز «دوکتــۆر مــارف عومــەر گــوڵ» کــە کــاك «بیهــزادی خۆشــحاڵی»، وەریگێڕابــوو بــە فارســی، شوناســی خــۆمم وەك کوردێــك دۆزیبــۆوە و بەڕاستی ئەو کتێبە لــە رۆحــی مــن ئەســەری کــرد. ئینتــەرنێت و دۆزینــەوەی کوردەکــان دنیایــەکی تــازەی لــە مــن کــردەوە. بــە هــۆی ئینتــەرنێت لەگــەڵ زۆر لــە رۆشنبیـــرانی کــورد ئاشــنا بــووم. ســەفەرێکی لەندەنـم لە لایەن دۆستانی ئینتەرنێتیم بۆ جۆر بوو کە بتوانـم ژنانی چالاکی بەریتانیا ببینم.

بانگهێشت و بەشداریم لە حەوتەمیــن فستیواڵی گەلاوێژ، وەرزێکی نوێ لە ژیانـمدا بوو.

ئێســتا لەگــەڵ کاروبــاری دوکتۆرییەکــەم لــە ئازمایشــگا، هاوکــات خــەریکی نووســیـــن و چــالاکی لــە بــواری بزووتنــەوەی ژنانـــم و لەگــەڵ حەفتەنامــەی ئاســۆ و بــۆ بــەڕێوەبردنی لاپــەڕەی ژنــان هاوکــاری دەکــەم. لــەم دەورە تــازەی هەڵبــژاردنی پەرلــەمانی حەوتەمــدا خــۆم کاندیــدا نــەکرد، چــونکە دڵنیــام رەت بوونەوە بۆتە بەشێکی سەرەکی لە چارەنووسی من لە ئێران، کەواتە خۆم ماندوو نەکەم.

تەجرەبەیــەك کــە وەك ژنێکــی چــالاك بــە دەســتم هێنــاوە ئەوەیــە کــە هــەتا زۆرتــر چــالاك بــم دیــارە کێشەم زۆرتریش دەبێ، بــەڵام ئــەم کێشــانە نامبــەزێنی بــەڵکو جەســارت و بــاوەڕ بــە خــۆم زیــاتر دەکــات و بۆم دەردەخــا کــە مــن هــەم و ئەســەرم هەیــە. بۆیــە هــەر زیــاتر تێدەکۆشــم و خــۆم و بیـــر و بــاوەڕم بــە هێزتــر دەکــەم. وەك دێکــارت دەڵــێ: «**مـن بیـــر دەکەمــەوە، کەواتــە مـن هــەم**.» گــەورەترین ئــاواتی ژیانـم سەرکەوتنی کوردە و بینینی سەربەخۆیی کوردستان و بە ئامانج گەیشتنی نەتەوەکەمە.